# دیدار لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان (ڕەوتی یەکگرتنەوە)

لەو ماوەیەی ڕابردوودا چەندین دیدار لە نێوان هاورێیانی پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان (ڕەوتی یەکگرتنەوە) کرا.

لە دانیشتن و کۆبوونەوەکاندا بە تێرو تەسەلی لە سەر مەسەلەی دۆخی سیاسیی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران قسە کرا. باس لە مێژووی سی ساڵەی خوێناوی دەستەڵاتی داگیرکاری ئێران لە کوردستان و ئەو هۆکارانە کران کە دەکرێت لە پشت سەرنەکەوتنی بزووتنەوەی کوردستانەوە بن.

هاورێیانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان بە دووروودرێژیی لە سەر سەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵە و پاشان قۆناخە جیاکانی ئەو ڕەوتە دووان.

ئێمە،کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، هەر لە سەرەتاوە دروشمی (ڕەوتی یەکگرتنەوە) ـ مان بەرز کردەوە چونکە لە برینداریی زۆر لایەن لە تەیفی کۆمەڵە ئاگاداربووین و هاوکات دەزانین هەل و دەرفەتی گونجاو لە ئێستادا هەیە کە هەموو ئەو لایەنانە دووبارە لە کۆمەڵەیەکی یەکگرتوودا کۆببنەوە کە تیایدا پشت لە ساختاری دیکتاتۆریی و پاوانخوازیی تاکەکەسیی و ڕێکخراوەیی بکرێت و پرنسیپی هەڵبژاردان و شەفافیەت و غەیرە ئینتیسابی و خەزێنەدایریی و پلورالیزمی سیاسیی پیادە بکرێت.

هەروەها کۆتایی بە پێوەندی نیپۆتیزم لە ناو ڕێکخراوەدا بهێنرێت و بە ڕاستی سەربەخۆیی و کوردستانیبوون بکرێت بە ئامانج. ئەمانە دەبێت ستراتیژیی و جیهانبینیی نوێ بن، نەک تاکتیک و نانی ڕۆژ.

بەڕێزیان، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان، جەختیان لە سەر خوازیارییان بۆ پێکەوە کارکردن و هاوکاریی لەگەڵ هەموو هێزێکی دیکەدا دەربڕی، لەوانە پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان، کە هاوڕێیانی ڕەوتی یەکگرتنەوە پێیان وایە، نێزیکایەتیەکی زۆریان لە نێواندا هەیە و خەتی ئەوان هەڵگری ساڵەهایەک لە جۆری ئەو دروشمانەن کە دیارە تەنها لە سەربەخۆییاندا توانی وەدەر بکەوێت.

کاری ئێمە، وەکوو پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان، لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان (ڕەوتی یەکگرتنەوە) بە تایبەتی بۆ ئەوەیە کە لەگەڵ لایەنانی نیزیکی دیکەدا کە ئێمە بە دۆستی ستراتیژیان دەزانین و بە هاوڕێ و هاوسەنگەری بیری خۆمانیان دادەنێین، هاوپەیمانییەک بە مەبەستی بردنی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی و خۆشکردنی زەمینەیەک بۆ دامەزراندنی حوکمەتێکی دیموکراتیک و پلورالیست لە کوردستان، بخەینە ژیانەوە.

پەرەپێدانی بیری دیموکراسی، جیایی دین لە دەوڵەت، سەقامگیرکردنی سێکولاریزم، بە ڕەسمی ناسینیی هەموو ئایینێک و باوەڕ بە ئازادیی ڕا دەربڕین، مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە. و هاوکات بە ڕەسمی ناسینی ئازادیە تاکە کەسیەکان، لەوانە: ڕەخنەگرتن، ڕادەربڕین، بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان، خۆڕێکخستن و دروستکردنی سەندیکا و یا ئین جی ئۆکان، چاپەمەنیی، دەنگدان و هتاد. ئەمانە بە کورتیی کۆمەڵە خاڵێک بوون کە لە نیزیکەوە لە سەریان هاوڕاین.

بەڕێزیان بە تایبەتی جەخت لە سەر بایەخی هەنگاوی پرنسیپیی دەکەن و دووپاتیان کردەوە کە کار و خەباتی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان حەتمەن دەبێت ستراتیژیی و پاشەڕۆژیی و مۆدێرن بێت.

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان خۆشحاڵیی خۆی دەردەبڕێت کە پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان پارتێکە پڕووای بە ئازادیی و سەربەخۆیی گەلی کوردستانە، کە ئاڵای کوردستانی لە یەکەم ڕۆژەوە لە پرۆگرامی خۆیدا شوێن کردوەتەوە و کە تەسیوبی تاکتیکی و چەواشەکردنی خەڵکی کوردستانی لە پشتەوە نییە. و پێمان وایە ئەم کارە لە بزووتنەوەی چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەنگاوێکی نوێیە.

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان بایەخێکی گرینگ بەوە دەدات کە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان هەروەکوو پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان جەخت لە سەر بایەخی ئینتەرناسیونالیزمی چینی کرێکار و هاوپشتێتی زۆرێک لە توێژ و لە لایەنی جیاوازی کۆمەڵگا لە یەکتر دەکەن.

بە هیوای ڕاگەیاندنی مژدەی خۆشتر بۆ هاودەنگیی و هاوپشتیی سیاسیی بە گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بژی گەلی کوردستان و خەباتی ڕەوای ئازادیخوازانەی

بژی خەباتی هێمنانە و ئاشتیانەی دوور لە توندوتیژیی

بژی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادیەکان

نەمان بۆ پاوانخوازیی و دیکتاتۆریی

نەمان بۆ هێزی داگیرکار لە کوردستان

**پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان** (ڕۆژهەڵات)

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان** (ڕەوتی یەکگرتنەوە)

٢٠٠٩/٢/١٨